ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئەستێرەگرێك پێشبینیی کوشتنی بوش دەکات

## هەواڵێك و تەعلیقێك

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤-١١-١٢

ئەستێرەگرێکی توونسیی ناودار پێشبینی کرد کە ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی ئەمەریکی جۆرج بوش هاوشێوەی جۆن کێنێندی، سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا دەکوژرێ. ئەستێرەگرەکە ساڵی ١٩٩٧ پێشبینیی کرد ئەمیرە (دایانا) بە ڕووداوێکی سامناك دەمرێ، پێشبینیشی کردبوو یاسر عەرەفات بە شێوەیەکی نادیار دەمرێ. بەوتەی خۆشی پێشبینیی ڕووداوەکانی یانزەی ئەیلوولی کردبوو.

بەپێی هەندێك چاودێریش ئەو دووبەرەکییەی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا هەبووەو کە پاش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئەمەریکا بەهێزتر بووە ڕەنگە هانی کەسانێك بدات باسی کوشتنی سیاسی بکات. ئەو دووبەرەکییەش گەشتۆتە ڕادەیەك کە کەسانی ئەمەریکی داوایان کردووە سان فرانسیسکۆ، کە قەڵای لایەنگرانی حزبی دیموکراتە ببێتە بەشێك لە (کەنەدا)و کەسانی ئەمەریکیی تر بڕیاریان داوە لە ئەمەریکا کۆچ بکەن‌و هەندێك لە ئەمەریکییەکان بڕیاریان داوە سەردانی "ویلایەتە سوورەکان" نەکەن کە دەنگیان بۆ بوش دابوو و لە "ویلایەتە شینەکان"دا بمێننەوە کە دەنگیان بۆ (کێری) دابوو.تەنانەت هەندێك موحەللیلی سیاسیی هەڵبژاردنەوەی بوشیان بە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا ناوبردووەو لێکۆڵەرەوەی لوبنانی محمد مشموشی لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لوبنانی (لە ١١/١٠) دەڵێ کە چەند تەعبیرێك لە چەند ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی گەورەدا زۆر دووبارە دەبنەوە وەك "بە بەلقانیکردنی ئەمەریکا"و "دوو نەتەوە لە چاودێریی خوادا" یان "ئەمە هەڵبژاردنەکانی هێرماگێددۆنە" کە ئەمانە بەڵگەن لەسەر گەورەیی ئەو دووبەرەکییەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی تووشی بوو، ئینجا ڕەنگە ئەوە وای لە ئەستێرەگرە تونسییەکە کردبێ پێشبینی کوشتنی بوش بکات.

ئەلعەرەبییە نێت ١١-١١-٢٠٠٤

**تەعلیق:** بەپێی عەقیدەی ئیسلامی پێشبینیی دواڕۆژ کە ئەستێرەگرو فاڵچییەکان دەیکەن شتێکی درۆیەو ئەوەی باوەڕ بەو کەسانە بکات لە دین دەردەچێ، سەیریش ئەوەیە ئەوانەی ئاین بە دواکەوتن دەزانن زۆرترینی ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە فاڵچییەکانە یان ئەگەر بە زمان بڵێن باوەڕمان پێیان نییە ئەوا دڵیان بۆ قسەکانیان لێدەدات ئەمەش شتێکە لە سروشتی مرۆڤدایە حەز بەو قسانە بکات کە باس لە دواڕۆژ دەکەن کە شتێکی نادیارو ئەفسووناوییە. بۆیە مرۆڤ ژیر نابێ شوێنی ئەو قسانە بکەوێ، ئەو دووبەرەکییەکەش کە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا هەیە شتێکی چاوەڕوانکراوە وەك چۆن لە هەموو کۆمەڵگەیەکی تردا چاوەڕوانکراوەو هەر وەك چۆن ئەوەش چاوەڕوانکراوە کە ئەمەریکا لەت بێ یان هەرەس بهێنێ‌و ئەمە سوننەتێکی خودایە لە جیهاندا کە هەر شتێك بەرزبێتەوە هەر دەبێ دابەزێ بەڵام دەروون بەزیوەکان تەنها ئەم ساتەی ئێستا دەبینن‌و وا دەزانن هێزو دەسەڵاتی ئەمەریکا تا سەرە.